

# دەسەڵاتی ڕەها و ڕاپەڕيني داماوەكان

## جەزاچنگيانی

کۆی چمکە هزرییەکانی گشت کۆمەڵگایەك لە فەلسەفەی(جودایی)دا یەکانگیردەبێت . دوودەسەڵات یانی دوو هزر .دوو بەرژەوەندی .دوو ئیستراتیجی .دوودیدی جیاواز بۆ ژیان.بە پێ تیڕوانینی مارکس گشت کێشەکانی کۆمەڵگا بنەمایەکی ئابوریان هەیە.کۆمەڵگا بەهویەوە قاش دەبێ , با قاشەکانی کۆمەڵی هوشیاریان بەرامبەر بەهۆکاری ئابوریش نەبێ وەلی لە کرۆکدا فاکتەری ئابوری گرفتەکانی نێو کۆمەڵ دروستدەکات.هزری چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ کاتێك لە کێشەی چینایەتیدا بەرجەستەدەبێ کە خاوەن ئابوورییە جیاوازەکانی کۆمەڵ خاوەنی فەلسەفەی چینایەتیان بن. کەواتە هوشیاری چینایەتی فاکتەریکی هوشیاری کۆمەڵگاوتیگەیشتنیانە لە فاکتەری گرفتەکانی نێو چینە جوداکان .





هەرهوشیاری چینایەتییە ئایدۆلۆژی و بەرنامەی خەبات و چارەسەری گرفتەکان دادەرژێت.بۆیەهەر چینێکی کۆمەڵگای(نامۆ)بەکرۆکی گرفتەکەی,ڕاپەرین و خۆڕاپساندنەکانی دژی دەسەڵاتی ڕەها و دیکتاتۆر و چەوسینەر ئەنجامەکەی هەرس و سڕبوونی تواناکانە . .

چۆن (فۆکویاما) لە پێناسەکردن و شێوەی ڕژێمی ئیرانی و تورکی بە پێوەری دیموکراسی توشی قەیرانی وەڵامدانەوە بوو. ئاواش خوێندنەوەی چینەکانی کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەگشتی بە پێوەری چینایەتی.ڕەنگکردنیان بەبوونی سەرمایەوبەدلەی شینی کریکار,تۆژێنەر توشی گرفت دەکات...چونکە تەنیابوونی سەرمایە و بەدلەی شینی کریکار پێناسە و وەسەربوونی چینایەتی نیە . بەڵکو ئایدۆلۆژی و فەلسەفە وهوشیاری چینایەتی شوناسنامەیە بۆ چینەکانی نێو کۆمەڵ .

ئیستابەهۆی تێکچون ولە گریژنەچوونی گشت پەیوەندی و یاسا لە کوردستان و بوونی کەپیتالێکی پتڕۆلی بەرەڵای بیٚ کۆنتڕۆڵ وقۆرخکردنی دەسەڵاتەکانی ئابووری و سیاسی وهزری شار.لەلایەن کادیرەکێوەکانەوە وگەندەڵییەوە کۆمەڵە کەسانێکی سیاسی بوونەتەخاوەنی کەپیتالێکی گەلێك زۆر...کە ئەم سەرمایەدارە سیاسیە هەڵتۆقیوانەی کوردی فڕیان بەسەر هوشیاری چینایەتی چینی سەرمایەدارەوە وڕۆلی کەپیتالەوەنیە..هەروەهالە برسیی و پاشماوەی ئەنفال وتعریب وپیشمەرگەی هەژار و خێزانی شەهیدانی داماو..سوپایەکی چەوساوە لە باشوری کوردستان دروست بووە.ئەم تۆیژە داماو و برسی و چەوساوەییەش وەك چینی چەوسینەری سەرمایەداری دەسەڵاتدارانی باشور بە هوشیاری چینیایەتی نامۆن.کەواتە هەردوو چمکی ئیستای کۆمەڵگای باشوری کوردستان نامۆن بە فەلسەفە و هوشیاری چینایەتیان.هیچ کامێکشیان خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی ئەڵتەرناتیفی نین بۆ چارسەری گرفتەکانی نێوانیان و دارشتنی ئیسترتیجیتێکی کارییێکەوە بوون بۆ بەختیاری تاکی کوردی.

لۆژیکە ئەگەر(دژە دەسەڵات) بەرنامەی نەبوو هەموو ڕاپەرینێکی دەبێتە سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی ڕەها و دیکتاتۆر . لە باشوری کوردستاندا کە ڕاپەرین دەکریٚ و تائیستا کراوە ڕاپەرینەکان چونکە لەلایەن دەستەو ڕێکخراوپارتیکەوە بەرنامەڕیزی نەکراوە.بۆ باری سەختی ژیانیشیان ئەلتەرناتیفیکیان نەخستۆتە بەر دەست دەسەڵاتی ڕەهاوە .دەبینین ڕاپەرینەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی نەپێکاوە... داخوازی کارەبا و ئاو...ڕاستە داخۆازییەکی پیویستە وەلی گرفتی کورد لە گرفتی نەبوونی ئاو و کارەبا قەبەترە بۆیە تا ئۆپۆزسیۆینك بۆ دەسەڵاتی ڕەهای(پارتی و یەکیتی)بەفۆرمی نەیتەبوون.چالاکانە بەبەرنامەوە هانی برسی و بێکار و داماوەکانی کورد بۆ ڕاپەرین نەدا. هیچ ڕاپەرینی لە باشوری کوردستاندا دەسەڵاتی دیکتاتۆریت شلۆق ناکاو هیچ گۆڕانکارییەك لە ژیاندا دروست نابیٚ...لەتەك چەمانەوەی ڕێزمدا بۆ ڕاپەرپوە داماوەکانی باشور تا نەبن بە یەکەیەکی پتەوەی ڕێکخراوەیی و پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگادا قایم نەکەن هیچ بەهیچ ناکەن .

تاپەرلەمانی باشوریش بەبیٚ ئۆپۆزسۆێن بمێنێتەوە...ڕاڤەکردن لە مەڕ دیموکراسی ودنیای مۆدیڕن وڕۆلی دەستورو ژیانی پەرلەمانی.... هیچ نیە......لە فشەیەکی سەردەم زیاتر ...

سان پیترسبۆرگ ....2006_08_20

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de